**له چاودێرێكی چاكەوە بۆ چاودێرەكەی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ**

**لەم چەند ڕۆژەدا ئەمە دووەمجارە , كوردستانی نوێ لەسەرسكاڵای ناوەندی چاك لە بەڕێز تاڵەبانی لەبەرامبەر هەڵوێستی لە هەمبەر جێبەجێنەكردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانكارانی ئەنفال دێتە قسە و بابەت دەنووسێت. وەلامەكان تێكەڵوپێكەڵن، نكۆلیكردن و سەرلێشێواندنی تێدایە. ئەوەش ناچاوەروانكراو نەبووە و ئاماژە بە پشووتەنگی ئەوان بەرامبەر بە مافی یاسایی و سڤیلی هاوڵاتیان و كوردستانیان دەكات.**

**هەموو كەسێكی هوشیار دەزانێت لە عێراق و كوردستاندا یاسا لە ئاست دەسەلاتداراندا سەروەر نییە, ئیتر ئەم ترسەی ینك لە چییە؟ شیوەنەكەی بۆ ئەم سكاڵایەیە, یان بۆ ئەوانەیە لە داهاتوودا دەكرێن كە چاك دەرگاكەی خستە سەر گازی پشت؟**

**ئەوەی ینك و هەموو دەسەڵاتداران لێی دەترسن تێكشكانی دیواری ترسە لە لایەن جەماوەرەوە, چاك یەكەم چەكوشی خۆی لەو دیوارە بەسامە دا لە ڕوی یاساییەوە, ئەمە یەكەم سكاڵایە لە لایەن ناوەندێكی كوردییەوە لە عێراق و كوردستان بەرەو ڕووی دەسەڵاتداری پلە یەكی ئەم وڵاتە دەكرێتەوە, واتا چاندنی ڕۆشنبیری سكاڵاكردن و داوای مافكردنە لە لایەن هاووڵاتیانەوە. چاك ڕێكخراوێكە بەردەوام بە دواداچوونی خۆی دەكات لەسەری و دەیەگەیەنێتە ڕاگەیاندنەكان, بەمەش بابەتەكە دەبێتە كەیسێكی زیندووی گشتی و لەگەڵ بەردەوامیدا دیواری ترس دەشكێنێت, ڕێگە بۆ بەدامەزراوكردنی دیاردەیەكی یاسایی ڕەوا لە هزری خەڵكیدا خۆش دەكات، بەم هەنگاوەش تەواوی سستەمی داد لە كوردستان و عێراق دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئەنجامی ئەو ساكاڵایە، بوونی دامەزراوە نادیموكراسی و پشووتەنگ و لوتبەرزەكانە، كە گەل بە هەند هەڵناگرن و لە پشتی شانۆكان ڕێكەوتن دەكەن، بریار بەسەر خەڵكدا دەسەپێنن و یاسا پێشێل دەكەن. تا ئێستا بۆ بە خەڵك نەگوترا ئەم سزایە بۆ دواكەوت و ڕۆڵی دەسەڵاتداران لەمەدا چییە؟ كێشە یاساییەكان كامانەن و بۆ ناكۆكی لە نێوان دەسەڵاتداران و دادگا و كەسانی ناو دادگا هەیە؟**

**ئەگەر ئەوان بڕوایان بە پرەنسیپە دیموكراسیەكان هەیە، دەبوایا ك. ن. وەك كەناڵێكی ڕاگەیاندن و زمانحاڵی پارتێكی بەناو سۆسیال دیموكرات, بەڕێز مام جەلالیش وەك یاساییەك دوور لە هەڵچوون و نكۆڵیكردن، یاساییانە بێبەریبوونی خۆیان لە تۆمەتەكان ڕوونكردایەتەوە. دەستخۆشیان لە ناوەندی چاك بكردبایا بۆ ئەم هەنگاوە , كە بەشێوەیەكی زۆر مۆدێرنانە لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی مافەكانیاندا، هانایان بۆ یاساو دادپەروەری بردووە.**

**مافی هەر ڕَكخراوێكە مافەكانی خۆی پیادە بكات و كەڵكی لێوەربگرێت, چونكە هەر ڕێكخراوێك بۆ گەیاندنی پەیامێكی دیاریكراو پێك دێت, كەسیش موزایەدەی كوردایەتی بەسەر سەرۆك كۆمارەوە نە كردووە, نە بەڕێزیشی و نە كەسی دیكەش ناتوانن ئەو مزایەدەیەمان بەسەردا بكەن چەندە لە پلەی باڵادا بن, بەهەموو ڕێزێكمانەوە بۆ لایەنە پۆزەتیفەكانی مێژووی تێكۆشانی هەركەسێك، بەلاّم كە ئەو كەسە زیانی بە بەرژەوەندی قوربانیان گەیاند، ئەوە مافی هەر ڕێكخراوێكی داكۆكیكاری قوربانیانە بەر بەو زیانە بگرێت.**

چاک له کاتێکدا زۆر باش ئاگاداری نەبوونی سەروەری یاسایە لە ئێراقدا، وەکو ڕێکخراوێکی سڤیلی فەرمی کوردی داکۆکیکاری قوربانیان، بەمکارەی به ئەرک و مافی خۆی هەڵساوە، زیاتری نەکردووە. بۆیە ئەو هەنگاوە یاساییە هەڵگرتنی بەردی گەورە نییە، وەکو هەندێک دەیلێن. کاتێک کەسانێکی سیاسی دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسا, چاک هانای بۆ دادگا بردووە. ئەرکی حکوومەتی کوردستان بوو لەسەر ئەرکی خۆی پارێزەرمان بۆ دابینبکات, مسۆگەری پرۆسەیەکی ڕەوای یاسایی لەمبارەیەوە بکات.

کوردستانی نوێ لەهەموو کەس زیاتر و باشتر دەزانێت ناوەندی چاک کێیە, ئەگەر دەشیانەوێت ئەو گروپەی بەناوی چاک کاردەکەن بکەن بە ئەلتەرناتیفە مەعقولەکەیان ئەوە بەلامانەوە گرنگ نییەو پیرۆزیان بێت. ئەوان زۆر ئەزموونیان لە دروستکردنی حیزبۆکە و کۆپی کردنی ڕێکخراوەکان هەیە، بەڵام هیوادارین لەوە دڵنیابن، ناوەندی چاک گوێ بەم هەنگاوانە نادات و بەپێی توانا لەسەر کار و ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، وەکو تائێستا کردوومانە و هێناومانە. ئەگەر کەمێک خۆیان ماندوو بکەن ئەوا دەزانن ئێمە لە حکوومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ناوەندێکی فەرمین. هەوڵدان بۆ گومان خستنەسەر بوونمان و مۆڵەتی فەرمی بوونمان هەوڵێکە ئاماژە بە هەوڵی نەهێشتنی ڕێکخراوێکی بوێری سڤیل دەکات.

ئێمە پێمانخۆشە لە وڵاتێکدا ژیان بەسەربەرین سەرۆک کۆمارەکەمان باوەڕی بە بڕیاری هەلواسین نەبێت, هەلواسین نابەجێترین جۆری سزادانی مرۆڤە. ڕووی پرسیاری ڕاکشاومان دەکەیەن ئێوە و دەپرسین: چەند هەزار ڕۆڵەی کورد لەسەر بڕیارەکانی بەڕێز مام جەلالدا کرانە سووتەمەنی بەرژەوەندی حزبایەتی، ئەو بۆ ئەوسا ئەو هەڵوێستەی نەبوو؟ بۆ بەڕێز مام جەلال لە کوشتنی گەریلاکانی باکور ئەو دیاردەیە قەدەغە ناکات؟ ساڵانە سەدان سزای کوشتن لەسەردەمی دەسەڵاتداریی بەڕێز مام جەلال دا لە عێراقدا ئەنجامدەدرێن ، بۆ ئەو و ئێوە بێدەنگن؟ چۆن بەڕێزی دەبێتە سەرۆکی وڵاتێک کە لە ئەنجامدانی هەڵواسیندا لە لیستی ڕەشدایە؟ ئەدی بڕیاری ژمارە 10 کە لە بەرواری 9-10-2005 دا دەرچووەو تایبەتە بە دادگای باڵای تاوانەکان, کە پەسندی سزای هەڵواسین دەکات، بەڕێزی وەک سەرۆک کۆمار و بەڕێزان عادل عەبدوالمەهدی و غازی عەجیل یاوەر وەک هەردوو جێگرەکەی واژۆیان لەسەر نەکردووە؟ سەیرە ویژدانی مرۆڤ دۆستی بەڕێز مام جەلال تەنها جار جارە لەسەر هەڵواسینی تاوانبارانی ژینۆسایدی ئەنفال دەجوڵێت. پاکانەکەی ئازاد جوندیانی بۆ تاڵەبانی لەسەر باوکی ئەنفال ( سولتان هاشم ) ..

زۆرن ئەوانەی هەوای سیاسی دەسەڵات ، سەرخۆشیان دەکات و بەئارەزوی خۆیان ڕەفتار ، لێدوان ، تاوان و پاکانە ... دەکەن و لەیادیان دەچێت سبەی لە مێژوو یان بەرامبەر دادگای گەل ، دەکەونە بەر نەفرەتلێکردن ، یان هاوشێوەی جاش و رەفیق حزبی تادەگاتە کەسە دیکتاتۆرەکان دەپارێنەوە ؟

چاک بەگشتی و پۆلێ ئەندامی بەتایبەتی ، توانیان ببنە دینەمۆی جولاندنی چەندین نارەزایەتی خەڵک لە دۆسیەی گەورە جەلادانی ئەنفال ( نزار خەزرەجی و سولتان هاشم و تارق رەمەزان و وەفیق سامەڕائی تادەگاتە دەیان کەڵە جاش لەتەک چەند ڕۆژنامەو ماڵپەرو کەسایەتیەکدا . وە توانی لە هەوڵی تاوانی ( بارزانی و تاڵەبانی) لە بچووککردنەوە یان بێتاوانیان ڕزگاریان بکات و بە نەوەکانی ئێستا و ئایندەی بناسێنی و بۆ مێژوش بەدۆکۆمێنتیان بکات .

یەکێک لەو قەڵەم بەدەستانەی یەکێتی ، ئازاد جوندیانیە ، کە بەچەپ و راست لە نوسین و ئاخافتن لەسەر ( تاوان ، دزین ، ناپاکی ، گەندەڵی ... یەکێتی بەگشتی و تاڵەبانی بەتایبەتی داکۆکی دەکات . ئەمەش بەهەر پێوەرێک لێکی بدەینەوە بە شەریکە تاوان ئەژمار دەکرێت . هەموو ئەوانەی ئازاد دەناسن ، ئەو لەشاخەوە تادەگاتە چەند ساڵێکی دوای راپەرین ئازاد تارادەیەک ئازادبوو . بەلام (کورسی ودەسەڵات ) تالەبانی گوتەنی ، ئازادی لەئازاد خست . ئازاد لەشاخ بەتایبەتی دوای شکستی ٨٨ ، تالەبانی بە یەکێک لەهۆکارەکانی شکستەکان لەقەڵەم دەدا ، بەڕادەیەک لەیەکێک لەبابەتەکانی رۆژنامەی بەرەی کوردستانی ، نوسیبوی (ئاوە سیاسیەکەی کورد لەسەروچاوەوە پیسە ، بۆیە دەبێت لەسەروچاوەوە بیگۆرین ) لەکاتێکدا ئەوکات سەروچاوە سیاسیەکە کورد ، ئەوەندە قێزەوەن نەببوو؟.

بەهۆی ئەوەی لەسەرکەیسی جەلادانی گەلەکەم هەندێ کارم کردوە ، " تالەبانی سەرۆکی فەرماندەی" " ئازادەکان" کەبەشی شێری لەداکۆکیەکان بەردەکەوێت . بەردەوام هەر لەڕشانەوەی سیاسی تادەگاتە فشار خستنە سەر بنەمالەکەم وەک بەعسیەکان ئاگاداری کردونەتەوە کەواز لەو رێبازە بهێنم . هاوکات لەدۆسیەی سوڵتان هاشم بانگی چەند ئەندامێکی چاکی کردوو تا خۆیانی لێ بێبەری بکەن . سەرجەم ئەمانەش تەنیا بەهۆکاری ئەوەی ، ئێمە دەمانویست جەلادانی نەتەوەکەمان نەبنە رزگارکەری خەلکی کوردستان بەڵکو بەپێی تاوانەکانیان سزا بدرێن.

سەیرکەن چون لە پاساو هێنانەوەی بۆتاڵەبانی کەبەناوی (چاودیرێکەوە ) لەکوردستانی نوێ داکۆکی لێ دەکات ؟ گەرچی ئەوکات وەلاممان دایەوە بەوانەی کەبەناوی" چاکیش " لەسەنگەری کوردستانی نوێ دەجەنگان . بەلام باپرسیارێک لە جوندیانیەکان بکەین ، ئەرێ بە ڕاستتانە تالەبانی دژی سزای لەسێدارەدانە بۆیە واژوی لەسێدارەدانی سولتان هاشم ناکات!؟

١/ یەکێک لەسیماکانی تاڵەبانی ، لەئاخافتن و رەفتار ، بەهیچ شێوەیەک ڕێز لە هەستی کورد ناگرێت . بەپێچەوانەی بارزانی لەووتن سەرۆکی نەتەوەیە ، لەکرداریش پێچەوانەیەتی . بۆیە ئەگەر تەنیا لەبواری گەلکوژی کورد هەڵوێستی تاڵەبانی سەیر بکەین ، لە دۆسیەی نزار خەزرەجی کە لەولاتێکی پر لەیاسا ی دور لەسێدارەدان ، درایە دادگا. تالەبانی و بارزانی بەناوی پارتەکانیان نامەی بێتاوانیان لە (ئەنفالکردنی کورد) بۆ دادگای دانیمارکی نوسی وهەموکوردیان بەرامبەر ئەوڕپیەکان شەرمەزار کرد ، تەنانەت تالەبانی ئامادەیشی دەربڕی ، شاهیدی بۆ بێتاوانی بدات و لەمیدیاکانیش رای گەیاند ، ئەوانەی لەپشت جولاندنی ئەو کەیسەن پیاوی بەعسن ؟ هاوکات دارێژەری بیری ئەنفال، وەفیق سامەرائی کردە راوێژکاری سیاسی ، سوڵتان هاشمی کردە یەکێک لەئەستێرەکانی سوپای عیراقی مەزن . سەدان فرۆکەوانی پڕ لەتاوانباری بەعس پێی راگەیاندن وەرنە سلێمانی ژیانتان دەپارێزم ......

٢/ ئەگەر تاڵەبانی ئەوەندە مرۆڤ دۆستە و دژی سیاسەتی لەسێدارەدانە ئەی چۆن لە ژێر قەڵەمڕەوی حزبەکەی ، ساڵانە لە ناوەندە مرۆڤ دۆستە جیهانیەکان بروانامەی پێشێلکاری مەترسیدار لەسەر مافی مرۆڤ لەیەخەی دەدرێت ؟ ئاخر ئەمە جگە ( نوکتە و چەواشە) چیتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کەلەناو هەموو

بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ، تەنیا دژی" لەسێدارەدانە " ؟ ئەو ناوەند و کەسایەتیە مرۆڤ دۆستانەی لەوێنەی ( ئامنستی) کە دژی لەسێدارەدانن ، هاوکات بەپراکتیکی دژی ئەشکەنجە و تیرۆر و فەلاقە و نان برین و ئابلۆقەی ئابوری خستنە سەرپارت و و داهاتی گەل دزینیشن ؟

٣/تاڵەبانی کە مزایەدەی ئەوە بەسەر خەڵک دەکات کەدژی سیاسەتی "لەسێدارەدانە" ، بەلام ئایا ئازاد جوندیانیەکان ، دەتوانن پێمان بلێن تەنیا لەو ٢٠ ساڵەی تەمەنی دەسەلاتی رەهای تاڵەبانی ، چەند کەس لەدەڤەری ئەوان ، تیرۆر یان ئەشکەنجە دراوە؟ ئاخر تیرۆری حەمە حەلاق و هاوڕێکانی ئەوەندە کۆن نیە کە رون بوو بەبڕیاری کێ ئەنجام درا !؟ بۆیە تالەبانی لەبڕی پەت هەڵواسین گولە بەکاردەهێنێ ؟

٤/ لەووەلامەی ئازاد جوندیانی ، بەئاشکرا دیارە هۆکاری سەرەکی داکۆکی تاڵەبانی لەسولتان هاشم ، مەسەلە پرەنسیب و مافی مرۆڤ نیە بەلکو پەیوەندیە سیاسیەکانە لەگەل سونە و ولاتە عەرەبی و ئەمەریکیەکان . ئەگەرنا بۆ تاڵەبانی دژی ئیعدامی عەلی حەسەن مەجید و وەتبان یان قاعیدە و دزو چەتە .... هاوشێوەی سولتان هاشم ناوەستێ ؟ سەرجەم ئەم سازشکاریانەشی لەسەر مافی کوردە ، لەپێناوی کورسیەکەی .

٥/ ئەگەر تاڵەبانی دژی سزای لەسێدارەدانە وەک پرەنسیب ، دەبوایە هەرگیز نەبوایە بەسەرۆک کۆمار ،چونکە لەدەستوری عێراق دا بریاری لەسێدارەدان نەک هەر رەتنەکراوەتەوەبەلکو دانیشی پیانراوە ، هەرخودی تالەبانیش ئیمزای لەسەر کردوە ؟

# ماوەتەوە ئەوەبلێیم ئەو ناو بەرپرسانەی بەناوی چاکەوە بۆ کوردستانی نوێ داوە گروپی چاک ئینفۆن ئێمە لێیان بەرپرس نین و مێژوو هەلسەنگاندن بۆ ئەورەفتارەیان دەکات

کورتە سەرنج

١.سوڵتان هاشم لەسەربەرزی تاوانی ئەنفال کچێکی ناو ناوە ئەنفال .

دەقی پاکانەکەی ئازاد جوندیانی لەم لینکەی خوارەوە بخوینەوە

http://www.kurdocide.com/ku/news.php?readmore=5553